

# هەڵسەنگاندنی باری ئەمڕۆی کەرکوک ، خستنە ڕووی بیروڕاکان

*ئەحمەد عەزیز- دانمارک*

*2004/2/20*

پێشەکی :

شاری کەرکوک گەورەترین و گرنگ ترین شاری کوردستانە ، 5-7% یەدەکی نەوتی هەموو جیهان پێک دەهێنێت[1] ، پایەختی نەوتی هەموو عێراقە ، لە ڕووی ژمارەی دانیشتوان و ئابوری و ستراتیجی لە سەر ئاستی کوردستانی باشور ، و لە ڕووی گرنگی و ئابوری و ستراتیجی لە سەر ئاستی کوردستانی گەورە ، بنەمایی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی پێکدەهێنێت[2] ، دەروازەو سنوری کوردستانە لە گەڵ دەوڵەتی عێراقی عەرەبی ، ڕووبەرەکەی نزیکەی 20000 بیست هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ئێستا ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 900000 نۆسەد هەزار کەس دەبێت و گەر بێت گوند و ناوچە کوردنیشەکانی سنوری کەرکوک (قەرەحەسەن ، قەرەهەنجیر ، جەباری ، قادرکەرەم ، شوان و ڕێدار )ئاوەدان بکرێتەوە کە ڕژێمی عێراق لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنی ئەنفالی بەدناو خاپوری کردبوو ، لە گەڵ گێڕانەوەی ئەو قەزاو و ناحیانەی کە ڕژێمی بەعس لە پاش سالآنی حەفتاکان لە لیوای کەرکوکی دابیڕاند (چەمچەماڵ ، کفری ، کەلار ، دوزخورماتوو) بە مەبەستی تێکدانی باری دیمۆگرافی کەرکوک ، ئەوا ژمارەی دانیشتوانی کەرکوک دەگاتە نزیکەی 1.284 ملویۆنێک ودوو سەد وهەشتاوچوارهەزار کەس و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد پێکی دەهێنێت ئەوسا[3] ، لە کەرکوکدا ڕژێمی بەعس نەخشە و پلانێکی پیادەدەکرد بۆ تەعریب کردنی کەرکوک و قڕکردنی کورد[4]، بە مەبەستی لاسەنگ کردنی باری نەتەوەیی شاری کەرکوک بە لای عەرەبدا ، دامودەزگاکانی کەرکوک بە پلانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تەعریب دەکران[5] ، لە بەرانبەریشدا کورد لە دامودەزگاکانی کەرکوکدا توشی پاکسازی نەتەوەیی و دورخستنەوە دەبووەوە[6] ، عەرەب دەهێنرا و

---

[1] ئینسکلۆپیدیای گەورەی دانمارک چاپی 2001 (دواین چاپ) دەڵێت کەرکوک شاری چاڵگەنەوتەکانە و 5-7 % یەدەکی نەوتی هەموو جیهان پێکدەهێنێت .

[2] نوسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق /نوسینگەی جێگری سەرۆک زۆر نهێنی و تایبەت و دەست بەجێ بە ژمارە 144 لە 2001/6/9 دەڵێت (لە بەر ئەوە کەرکوک یەکپارچەیی خاکی عێراق دەگەیەنێت و گەر بێت خوانەخواستە بکەوێتە ژێر دەسەلآتی تاخمی بە کرێگیراوەکان ، ئەوا دەوڵەتی کفر و دوژمنان دادەمەزرێت ، بۆیە عەرەب لە کویۆە بێت بۆ کەرکوک وەری دەگرین).

[3] پارێزگاری کەرکوک ، قائمقامی چەمچەماڵ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگی 2004/2 .

[4] نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ م س 21350 لە 2000/9/7 ، سەرۆکی فەرماندە (خوابیپارێزێت) لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیراون لە دانیشتنی سی و دووهەمین لە 2000/8/27 ، لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە ، کە بە نوسراوی ئەنجومەنی وەزیراون ژمارە م.و/6352/32 لە 2000/8/29 بەم شێوەیە : بە کارهێنانی وشەی پێشخستن لە جیاتی وشەی ئعریب کاتێک باسی پارێزگایی التامیم بکرێت (هەڵبەتە ناوی پارێزگایی کەرکوک گۆڕا بۆ پارێزگایی التامیم پاش خاماڵی کردنی نەوت لە سالآنی هەفتاکان /نوسەر).

نوسراوی پارێزگایی کەرکوک لە 993/10/10 بە ئیمزای عادل رجب عبدالغور بەشی پۆستی نهێنی ، کە باسی ئەوە دەکات ، داوا لە

[5] بەڕێوەبەری پەروەردەیی کەرکوک بکرێت بەردەوام بێت لە سەر دامەزراندن عەرەب و گواستنەوەی ئەو کەسانەی عەرەب نین .

[6] کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار/ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/تەها یاسین ڕەمەزان/لیژنەی کاروباری باکور / سکرتاریەت ژمارە 723/20 لە 994/6/5 بە نوسراوی زۆر نهێنی و تایبەت کە ئاراستەی وەزیری ناوخۆ کراوە دەڵێت : ڕەزامەندی سەرۆکی

لە کەرکوک نیشتەجێ دەکرا و تەنانەت مسرپیش هێنراوەتە کەرکوک بە مەبەستی ئەعریب کردن[7] ، کورد ڕادەگوێزرا لە کەرکوک و ڕژێمی عێراق بودجەی تایبەتی تەرخان کردبوو[8] ، تەنانەت ئەگەر باری نەتەوەیی خۆشی بگۆڕیبایا بۆ عەرەب و بەشداری شەڕی قادسیەی سەدامی کردبایا و کوڕی فیدائی سەدامیش بوایە ، لە ڕاگوێزان ڕزگاری نادەبوو[9] ، خانوو و ماڵ و زەوی کورد دەستی بە سەردا دەگیراو و دەدرایە عەرەب[10] ، سنور و دەوروبەری کەرکوک کە هەمووی کورد نیشین بوو دەستی بە سەردا گیراو کرا بە ناوچەی قەدەغە کراو و پشتێنەی ئەمنی لێ دامەزرێندرا و عەرەبی لێ نیشتە جێ کرا[11] ، لیژنەش پێک دەهێنرا بۆ بە دوادا چونی تەعریب کردنی ئەو ناوچانە[12] .

---

فەرماندە(خوا بیپارێزێت) وەرگیرا بۆ گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی عەرەب نین لە شاری کەرکوک بۆ پارێزگاکانی ناوەراست و باشور (جگە لە شارەکانی بغداد ، سلاح الدین ، دیالی) ، لە سەر ڕۆشنایی ئەو خاڵانەی لە نوسراوەکەیاندا هاتووە ، لەوانە : 1-پارچەک زەوی بە بێ بەرانبەر لەو شارەی ئارەزوو دەکەن بگوێزنەوە بۆی 2- 15هەزار دینار بۆ گواستنەوەی هەر خێزانێک ژمارەیان تا 5 کەس و 30 هەزار دینار بۆ هەر خێزانێک ژمارەیان لە 5 کە زیاتر بێت 3- کرێ خانووی دوو ساڵیان بۆ بدرێت لە لایەن ئەو پارێزگایەی بۆی دەچن 4- بۆیان هەبێت قەرزی هەردوو بانقی عقاری و اشتراکی وەرگرن بە بێ ئەوەی مەرجەکانی قەرزکردن بیانگرێتەوە . 5-کەرەستەی درست کردنی خانیان بە نرخی ڕەسمی پێ بدرێت و مەرجەکان نەیان گرێتەوە 6-کارئاسانی گواستنەوەی منداڵەاکانیان بۆ بکرێت بۆ خوێندنگاکان بە ئەوەی مەرجەکان لەو بارەیەوە بیانگرێتەوە 7-مافیان هەبێت بۆ گواستنەوەی تەواوی ماڵکانیان .8- لە بەرنبەردا پێویستە لە سەریان گەر خانوو یان پارچەیەک زەویان هەبێت لە کەرکوک تەسلیمی پارێزگایی بکەن و عەرەبی لێ نیشتەجێ بکەن لە جێگایان و قەرەبوی نرخی زەوی یان خانوەکانیان بکرێتەوە بۆیان 8-هەروەها پێویستە لە سەریان نفوسیان بگوێزنەوە بۆ ئەو پارێزگایەی بۆ دەچن .9- چەندین مەرج و خاڵی تر.

[7] کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار/ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/تەها یاسین ڕەمەزان/لیژنەی کاروباری باکور / سکرتاریەت ژمارە 1415/20 لە 1997/8/26 ئاراستەی وەزیری ناوخۆکراوە /نوسینگەی وەزیر / بە دواداچونی نوسراومان نهێنی ژمارە 885/20 لە 97/6/1 فەرمانی دا جێگری سەرۆک کۆمار – سەرۆکی لیژنەی کاروباری باکور بە گواستنەوەی نفوسی هاوڵاتیانی میسری کە ڕەگەزنامەی عێراقیان هەیە و ناویان هاتووە لەم لیستەدا و بە زنجیرە 1 دەست پێ دەکات بە ناوی هنداوی ئەحمەد العزاوی و کۆتایی دێت بە زنجیرە 16 بە ناوی عبدالمحسن مستەفا عبدالمحسن ، لەو شارانەی ئاماژەی پێ کراوە بۆ شاری کەرکوک .

[8] کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار/ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/تەها یاسین ڕەمەزان/لیژنەی کاروباری باکور / سکرتاریەت ژمارە 301/14 لە 995/2/26 نهێنی و تایبەت ، ئاراستەی پارێزگایی کەرکوک کراوە بە ناونیشانی دیاری کردنی بڕی پارە : ئاماژە بە پەیوەندی تەلەفونی لە گەڵتان ، هاوپێچ سەگی ژمارە 2431909 لە 1995/2/25 بە بڕی 500000 پێنج سەد هەزار دینار ، وەک بڕێکی پارەی سەرەتایی بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیاری تایبەت بە ڕاگواستنی ئەو خێزانانەی لە ناوچەکانی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بۆ پارێزگاکەتان .

[9] نوسراوی حزبی بەعس /فەرماندەی لقی التامیم ژمارە 8054/19 لە بەرواری 2000/8/26 هاوپێچ لە گەڵی نوسراوی هاوڵاتییەک (......) کە دەڵێت من دانیشتووی شاری کەرکوکم لە ساڵانی پەنجاکانەوە و عەرەبم بە پێی (الشريط الاحصائي) هاوپێچ ، خێزانەکەمان هەمووی سەر بە شۆڕش و پارتی فەرماندە بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن خوابیپارێزێت و ، چەندین بەشداریمان هەیە لە شەڕی (قادسية صدام و أم المعارك) ، کوڕەکانم بەردەوامن لە خزمەت کردن لە ڕیزەکانی (فيدائي صدام) بە نوسراوی پشتگیری هاوپێچ ، بڕایری ڕاگواستن لە دژمان دەرچووە لە کەرکوک ، بۆیە ئەم داوایەم هێناوەتە بەردەم دەرگایی دادپەروەریتان تا بمانبورن لە بڕیاری دەرکردن و چونکە ئارزومان هەیە لە خزمەت کردنی عێراقی مەزن و سەرۆکمان .

[10] پارێزگایی کەرکوک /بەشی زانیاری دانیشتوان ژامارە 593 لە بەرواری 1996/1/2 ، کە ئاراستەی فەرمانگەی تۆمار کردنی عقاری کراوە ، بە ناونیشسانی دەست بەسەراگرتنی خانووی تێکدەران و لەو نوسراوەدا هاتووە بە ئیمزای ئەیاد فتەیح خەلیفە پارێزگاری کەرکوک ، لە بەر ئەوەی ئەو کەسانەی ناویان لەم لیستەدا هاتووە < رایان کردووە بۆ بۆ ناوچەکانی باکور ، بۆیە بڕایرمان دا بە دەست بە سەرا گرتنی خانووەکانیان بە پێی نوسراوی لێژنەی کاروباری باکور ژامارە 121 لە 1995/1/26 و تۆمار کردنیان بە ناوی وەزارەتی دارای ، هەروەها نوسراوی پارێزگایی کەرکوک /بەشی زانیاری دانیشتوان ژامرە 247 لە 1995/11/21 بە ئیمزای پارێزگاری کەرکوک مەحمود فەیزی الهەزاع کە ئاراستەی بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک کراوە ، کە سەرۆکی لیژنەی ڕاگواستنە بە ناونیشانی دامەزراندنی لیژنە ، لەو نوسراوەدا هاتووە دەڵێت نوسراومان ژمارە 193 لە 1995/10/30 بە پشت بەستن بە بروسکەی وەزارەتی ناوخۆ /نوسینگەی وەزیر ژمارە 5891 لە 1995/11/9 هاتووە ، ئەو خێزان کوردانەی ڕادەگوێزرێن قەربوکردن نایانگرێتەوە و ڕێگایانبدرێت بە فرۆشتنی (ممتلكاتهم غير المنقولة : الدور السكنية ، العقارات ، الاراضي الزراعية) وە پێویستە تەنها بفرۆشێردرێت بە عەرەب و لە ماوەی دوو هەفتەدا .

[11] نوسراوی پارێزگایی کەرکوک /بەڕێوەبەرێتی کاروباری ناوخۆ، بەشی زانیاری دانیشتوان زۆر نهێنی بە ئیمزای پارێزگاری کەرکوک قەیس عەبدالڕەزاق محمد جواد کە ئاراستەی لقەکانی حزبی بەعس کراوە لە کەرکوک بە ناونیشانی پەخشنامە ، بە پشت بەستن بە نوسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش / نوسینگەی جێگری سەرۆک ، زۆر نهێنی و تایبەت و دەست بە جێ بە ژمارە 144 لە 2001/6/9 بڕیار

### *ئاماری کەرکوک لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ*

ئاماری کەرکوک ، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ، هەموو کات کورد زۆرینە پێک دەهێنێت سەرەڕای هەوڵی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق کە دەدرا بۆ تێک دانی باری دیمۆگرافی شاری کەرکوک و گۆڕینی بۆ لای بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی عەرەبیدا ، هەوڵەکان لەو ڕووە بێ هودە بووە بۆ گۆڕینی کەرکوک لە شارێکی کوردستانی بۆ شارێکی عەرەبی ، کە لەو پێناوەدا تەواوی توانایی سەربازی و ئابوری و سیاسی بە کارهێنراوە ، لە گەڵ بە کارهێنانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەمن و موخابەرات و حزبی بەعس و لیژنەی کاروباری باکور و ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ( ***مجلس قيادة الثورة*** ) ، هێشا ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو نەبوو ، بەڵگەنامەکانی مێژوو و ئەو ئامارانەی ئەنجام دراون لە گەڵ ئەو بەڵگەنامانەی لە ڕژێمی بەعس بۆمان بە جێ ماوە ، هەر هەمووی لە بەرژەوەندی گەلی کوردە و کوردستانی بوونی خاک و خەڵکی کەرکوک دەسەلمێنێت بەم شێوەیە :-

1- ڕێژەی دانیشوانی کەرکوک بە پێی قاموسی ئیعلامی عوسمانی(شمس الدين سامي، قاموس الإعلام العثماني 1315 هـ 1898 م اسطنبول) 30000 کەسە ،4/3 دانیشتوانی کەرکوک کوردە ، واتە (22500 (75%) کەسی کوردە ) و ئەوەنەی دەمێنێتەوە تورک و عەرەب و نەتەوەکانی ترن ، هەروەها دەڵێت 760 جولەکە و 460 ئەرمەنی تیا دەژێت .

2- لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری قەفقاس ، سەر بە کۆمەڵەی جوگرافی پاشایەتی ڕوسی دا هاتووە ، بە پێی زانیاری چێرنیک کە ئەندازیارێکی ڕوسی بووە و لە چوارچێوەی گەشتێکی زانستیدا سەردانی ناوچەکەی کردووە لە ساڵی (1872-1873) ، مەزەندەیی دانیشتوانی شاری کەرکوکی کردووە بە (12- 15) هەزار کەس ، دەڵێت جگە لە 40 خێزان ئەرمەنی نەبێت ، تەواوی دانیشتوانی کەرکوک کوردن[13] .

---

درا بەم شێوەیە : ڕێگا بە دانیشتوانی پشتێنەی ئەمنی ، ئەو کەسانەی سوودیان لە بڕیاری 42 ساڵی 1986 وەرگرتووە بە فرۆشتنی خانووەکانیان لە کەرکوک ، بەو مەرجەی ئەو بڕەپارەیە وەبەربهێنن بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و جێگایی دانیشتنیان لە پشتنی ئەمنی .

[12] کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار /ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش تاها یاسین ڕەمەزان لیژنەی باکور(سکرتاریەت) ، ژمارە 1042/20 لە بەرواری 1997/6/29 ، نهێنی و تایبەت بە ناونیشانی بڕیار : لیژنەیەک دادەمەزرێت بە سەرۆکایەتی قائمقامی سەنتەری کەرکوک و ئەندامێتی هەر یەک لە :


- نوێنەری سکرتاریەتی لیژنەی باکور .
- بەڕێوەبەری ناحیەی (الدبس ، التون کۆپری ، تازە) .
- سکرتێری تیپی حزب لەو ناحیانەی ناویان هاتووە .
- ئەفسەری ئاسایش ئەو ناحیانەی ناحیانەی ناویان هاتووە .
- بەڕێوەبەری بەشی زەویوزار لە فەرمانگەی کشتوکاڵی التاميم .
- لێپرسراوی بەشی کشتوکاڵ لە هەر سێ ناحیەی ناوبراو .

ئەرکی ئەم لیژنەیە وورد بوونەوەیە لە پرۆسەی نیشتەجێ بوونی نوێی هۆزە عەرەبەکان لە قۆڵی (التأميم – التون کوبري – شوان) و (التأميم – دبس صوب أربيل) و (التأميم – ليلان) بۆ زانینی ژمارەی نیشتەجێبووان بە ڕاستی لە هەر هۆزێک لەو شوێنانەی بۆیان دیاری کراوە ، لە گەڵ ڕادەی جێ بە جێ کردنی مەرجەکانی تر ، پەیوەست بە گواستنەوەی (سجلات نفوس والبطاقة التموينية) و هەروەها بۆ زانینی پانتایی ئەو جێگایانەی بەتاڵە .

[13] لێکۆڵینەوەیەکی د.جەبار قادر بە ناونیشانی (التركيب الاثني لسكان كركوك خلال قرن)

3- به پێی ئاماری ساڵی 1921 ، كه له چوارچێوەی كێشەی ویلایەتی موسل ئەنجامدرا ڕێژەی دانیشتوانی كەركوك بەم شێوەیە بوو :-

| ژ | نەتەوەكانو كەمینە ی نەژادو ئاینەكان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | عەرەب | 35650 | ٪ 31,9 |
| 2 | كورد | 47500 | ٪ 42,54 |
| 3 | توركمان | 26100 | ٪ 23,37 |
| 4 | مەسیحی | 2400 | ٪ 2,14 |
| | كۆی گشتی | 111650 | ٪99,95 |





4- ڕێژەی كورد لەئاماری ساڵی 1947، 53٪ بووه ...

5- به پێی ئاماری ساڵی 1957 ڕێژەی نەتەوەكان لەكەركوك بەم شێوەیەی خوارەوەیە :

كورد 187593 كەسە ، عەرەب 109620 كەسە ، تورك (توركمان) 83371 كەسە ڕێژەكانیش بەم شێوەیە یە [14] :

كورد لێرەش زۆرینەیە.


| نەتەوەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|
| عەرەب | ٪28.19 |
| كورد | ٪48.24 |
| تورك (توركمان) | ٪21.4 |
| مەسیحی | ٪2.1 |
| كۆی گشتی | ٪ 99.93 |




[14] كۆماری عێراق /وەزارەتی ناوخۆ /بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەی گشتی / المجموعة الاحصائية لتسجيل عام 1957/لوائى السليمانية وكركوك .


6- به پێی ئامارێکی ڕژێم که له ساڵی 1988 ئه‌نجام دراوه[15] ده‌ری خستووه که ، ڕێژی دانیشتوان له که‌رکوک به‌م شێوه‌یه :-

| باری نه‌ته‌وه‌یی | ڕێژه‌ی سه‌دی |
|---|---|
| کورد | %37 |
| عه‌ره‌ب | %40 |
| تورکمان | %21 |
| کۆی گشتی | %98 |




7- به پێی ئامارێکی تری ڕژێم که حزبی به‌عس له که‌رکوک ، له 1997/11/18 ئه‌نجامی داوه[16] ، ده‌ڵێت ڕێژه‌ی دانیشتوان له سه‌نته‌ری که‌رکوک به‌م شێوه‌یه :

| باری نه‌ته‌وه‌یی | ڕێژه‌یی سه‌دی |
|---|---|
| کورد | 175046 (%37) |
| عه‌ره‌ب | 379910 (%44) |
| تورکمان | 98495 (%19) |
| کۆی گشتی | 653451 (%100) |




[15] پارێزگایی که‌رکوک /به‌شی زانیاری دانیشتوان ژماره 1015 له 1998/9/21 ، نهێنیی و تایبه‌ت که ئاراسته‌ی وه‌زاره‌تی ناوخۆکراوه ، ده‌ڵێت نوسراوتان نهێنیی و تایبه‌ت 13697 له 998/8/25 هاوپێچ لێکۆڵینه‌وه‌ک ده‌رباره‌ی ژماره‌ی دانیشتوانی سه‌نته‌ری شاره‌که‌مان ، به ئیمزای پارێزگاری که‌رکوک نۆفه‌ل اسماعیل خزه‌یر ، به‌روار 998/9/20 .

[16] نوسراوی فه‌رعی که‌رکوکی حزبی به‌عس .


8- به پێی لێکۆڵینەوەیەکی تر لە سەر کەرکوک لە ئینسکلۆپیدیایی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجام دراوە[17] ، دەری خستووە ، کە کەرکوک شارێکی کوردستانییە و زۆرینەی خەڵکەکەی لە کورد پێکهاتووە .

9- به پێی ڕیپورتاژێکی ئاژانسی ڕۆیتەر کە لە گەل ویلیام مایڤڵ (William C. Mayville) فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە کەرکوک ئەنجامی دابوو ، مایڤڵ دەڵێت مەزەندە دەکرێت دانیشتوانی کەرکوک 850000 کەس بن ئەم ژمارەیە 40% کوردە ، 35% عەرەبە ، 20% تورکمانە ، 5% کلد و ئاشوورییە[18] .

تەشکیلەی ئەنجومەنی پارێزگایی کەرکوک

- پارێزگار کوردە عبدالرحمان موستەفا
- جێگری پارێزگار عەرەبە اسماعیل حەدیدی
- 3 یاریدەر بۆ پارێزگار 1 کورد حەسیب ڕۆژبەیانی 1 تورکمان عیرفان کەرکوکی 1 کلدوئاشوری سەرگۆن لازار
- پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگایی کەرکوک بەم شێوەیە :-

| | |
|---|---|
| کورد | 14 |
| عەرەب | 12 |
| تورکمان | 8 |
| کلدوئاشوری | 7 |
| کۆی ئەندامان | 41 |




www.kurdistannet.org

[17] کوردستانیەتی کەرکوک لە ئینسلۆپیدیایی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکادا : ئەحمەد عەزیز 2002
[18] ڕیپۆرتاژێکی ئاژانسی ڕۆیتەر لە کەرکوک ئەنجام درا لە لایەن (Alistair Lyon) پەیامنێری ئاژانسی ڕۆیتەر و لە سەر ماڵپەری (www.reuters.com) بڵاوکرایەوە .

## دابەش بوونی فەرمانگەکانی کەرکوک بە پێی باری نەتەوەیی :

| ناوی فەرمانگە | باری نەتەوەیی | ناوی بەڕێوەبەر |
|---|---|---|
| 1. بەڕێوەبەری شارەوانی کەرکوک | کوردە | جەمال حەمە شکور |
| 2. بەڕێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی پارێزگایی کەرکوک | کوردە | سالار |
| 3. بەڕێوەبەری ئاماری کەرکوک | کوردە | ستار |
| 4. بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتووچۆی کەرکوک | کوردە | عەمید سالار ئەحمەد فەقێ |
| 5. فەرماندەی گشتی پۆلیسی کەرکوک | کوردە | لیوا شێرکۆ |
| 6. بەڕێوەبەری ئاگرکوژاندنەوەو فریاکەوتن | کوردە | محمد صابر |
| 7. بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی کەرکوک | کوردە | دکتۆر سەباح زەنگەنە |
| 8. کۆمپانیای مەنسور بۆ مقاوەلات | کوردە | حسن عوسمان عمر |
| 9. کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری ئیرتوازی | کوردە | سلاح الدين محمد |
| 10.فەرمانگەی کەشناسی | کوردە | علي زندي |
| 11.کارگەی چیمەنتۆی لەیلان | کوردە | محمد صالح |
| 12.کۆمپانیای گازی باکور | کوردە | هونر نجيب حسن نقشبندي |
| 13.کۆلێژی تمریض | کوردە | د.نيكار عزيز |
| 14.کۆلێژی پەروەردە | کوردە | د.كريم نجم |
| 15. پەیمانگای تەکنیکی کەرکوک | کوردە | مجيد حميد |
| 16. بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوک | کوردە | هيوا |
| 17. فەرمانگەی ئاوی کەرکوک | کوردە | عبدالقادر محمد أمين |
| 18. فەرمانگەی ئاوەڕۆی کەرکوک | کوردە | رمزان |
| 19. بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کەرکوک | کوردە | ملا مصطفى |
| 20. بانکی ڕافدین –شەقامی پەروەردە | کوردە | عمران شاكر |
| 21. بەڕێوەبەرایەتی ئاودێری(الري) | کوردە | شهاب حكيم |
| 22. بەڕێوەبەرایەتی (ضمان اجتماعي) | کوردە | سعيد احمد حكيم |
| 23. کۆمپانیای (حمورابي) بۆ بەڵێندەرایەتی | کوردە | بهاءالدين انور احمد |
| 24. بەڕێوەبەری ڕەگەزنامەوباری شارستانی | عەرەبە | عەمید نازم [19]. |

[19] هی سەردەمی دەسەڵاتی بەعسە و کەسێکی زۆر چالاکی ڕژێمی بەعس بوو ، بۆ تەعریب کردنی کەرکوک لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعسی لە ناو چوو ناوی هاتووە کە سەپەرشتی پرۆسەی تەعریبی کەرکوکی کردووە

www.kurdistannet.org

| | | |
|---|---|---|
| 25. بەڕێوەبەری تاپۆ | عەرەبە | حميد العبيدي |
| 26.دادگای کەرکوک | عەرەبە | طاهر البياتي |
| 27.بەڕێوەبەرایەتی باجی کەرکوک/2 | عەرەبە | محمد يونس |
| 28.بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێنانی نەوت | عەرەبە | حسن قنديل |
| 29.کتێبخانەی گشتی | عەرەبە | برهان خليل ابراهيم |
| 30.چاودێری بازرگانی | عەرەبە | عبدالله كاظم محمد |
| 31. کارگەی مافوری کەرکوک | عەرەبە | موسى صعيدي قريش |
| 32. کۆمپانیای نەوتی باکور | عەرەبە | عادل قزاز |
| 33. کۆلێژی پەروەردە | عەرەبە | نائل هاشم |
| 34. پەیمانگای تەکنیکی حەویجە | عەرەبە | محجوب ياسين |
| 35. پەیمانگای مامۆستایان | عەرەبە | خزعل درويش |
| 36. بەڕێوەبەرایەتی هێڵی شەمەندەفەر | عەرەبە | محمود شاكر شكري |
| 37. بانکی سلام | عەرەبە | -------------- |
| 38. بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی | عەرەبە | فاضل عبدالكريم محمد |
| 39. بەڕێوەبەرایەتی خانەنیشین | عەرەبە | نعمان عبدالزهرة |
| 40. تۆڕی دابەش کردنی کارەبا-تازەخورماتوو | عەرەبە | طريف |
| 41. پەیمانگای کشتوکاڵی حەویجە | عەرەبە | -------- |
| 42. کارگەی کاشی کەرکوک | عەرەب | موسى صعيدي قريش |
| 43. بەڕێوەبەری پەروەردەیی کەرکوک | تورکمانە | ابراهيم اسماعيل[20] |
| 44. نەخۆشخانەی (بيطري) | تورکمانە | احمد رشيد |
| 45. بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی کەرکوک | تورکمانە | عادل صديق |
| 46. فەرمانگەی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا (لە مەلا عبدلله) | تورکمانە | عبدلله حمزة |
| 47. بەرێوەبەرایەتی پۆستە و گەیاندنی کەرکوک | تورکمانە | عادل |
| 48. کۆمپانیای هەڵکەندنی بیری نەوت | تورکمانە | یاوز |
| 49. سەرۆکایەتی زانکۆی کەرکوک | تورکمانە | عباس عطا |
| 50. کۆلێژی زانست | تورکمانە | د.عباس تقي |
| 51. کۆلێژی یاسا | تورکمانە | د.علي |
| 52. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک | تورکمانە | ليوا تورهان |
| 53. بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی کەرکوک | تورکمانە | صفوة محمد |

www.kurdistannet.org

[20] کەسێکی ڕەگەزپەرستە و زۆر کار لە دژی کورد دەکات و سەر بە بەرەی تورکمانیە ، باری خوێندنگا کوردییەکانی شاری کەرکوک زۆر نالەبارە ،هەر ڕۆژێک باران ببارێت خوێندکاری کورد ناتوانێت دەوام بکات و بخوێنێت ، دەستبەکاربوونی ماموستا کوردەکان نانوسێت کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ خوێندنگا کوردییەکان تا دەرس بڵێنەوە ، لایەنی کوردی بە نیاز بوو پەیمانگایی هونەرە جوانەکان لە کەرکوک بکاتەوە فەشەلی پێ هێنا.


| | | |
|---|---|---|
| 54. فەرمانگەی( التخطيط العمراني) | توركمانە | اياد سلمان |
| 55. بانكی سەرەكی رافدين | توركمانە | شكيبة عبدالعزيز |
| 56. بانكی رافدين-(الذهب الاسود) | توركمانە | غانم رشاد |
| 57. بانكی رافدين(شارع الجمهورية) | توركمانە | معتصم |
| 58. بانكی ڕەشيد | توركمانە | عبدالكقيم |
| 59. فەرمانگەی بەرهەم هێنانی كارەبا – تازەخورماتوو | توركمانە | خاليد رزا |
| 60. بەڕێوەبەرايەتی گشتی بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا | توركمانە | جلال |
| 61. پەيمانگای پێگەياندنی مامۆستايانی كچان | توركمانە | سولماز |
| 62. فەرمانگەی بەرهەمهێنانی كارەبا- دبس | توركمانە | صبحي |
| 63. بەڕێوەبەرايەتی كارەبای كەركوك | توركمانە | يالجين مهدي رشيد |

لە كۆی 63 فەرمانگە و بەڕێوەبەرايەتی لە شاری كەركوك 23 يان كوردە ، 19 عەرەبە ، 21 توركمانە .

- بەڕێوەبەری ناحيەی ڕێدار(شوان) كوردە .
- بەڕێوەبەری ناحيەی قادركەرەم كوردە .
- بەڕێوەبەری ناحيەی قەرەهەنجير كوردە .
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* سەرگەران (سەر بە دبسە) كوردە
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* يايچی عەرەبە
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* زاب عەرەبە
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* ڕياز عەرەبە
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* عەباسی عەرەبە
- بەڕێوەبەری *ناحييەی* ڕەشاد عەرەبە
- *بەڕێوەبەری ناحييەی لەيلان توركمانە*
- *بەڕێوەبەری ناحييەی تازەخورماتوو توركمانە .*
- *قائمقامی داقوق عەرەبە (احمد العزي).*
- *قائمقامی حەويجە عەرەبە*
- *قائمقامی پردێ كوردە (عبدالمطلب)*
- *قائمقامی دبس كوردە(هادی مستەفا)*

## خشتەی دابەش بوونی قەزاکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک

| ژمارەی قەزاوناحیەکانی سەر پارێزگای کەرکوک | نەتەوە | دابەشبونی بە سەر نەتەوەکان |
| --- | --- | --- |
| 4 قەزا | کورد | 2 |
| | عەرەب | 2 |
| | تورکان | - |
| | کلدوئاشوری | |
| کو : | | 4 |





لە کۆی 4 قەزا - 2 کورد ، 2 عەرەب

خشتەی دابەش بوونی ناحیەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک

| ژمارەی ناحیەکانی سەر پارێزگای کەرکوک | نەتەو | دابەشبونی بە سەر نەتەوەکان |
| --- | --- | --- |
| 11 ناحیە | کورد | 4 |
| | عەرەب | 5 |
| | تورکمان | 2 |

KURDISTAN NET www.kurdistannet




لە کۆی 11 ناحیە 5 عەرەب ، 4 کورد ، 2 تورکمان


## ڕێژەی کورد و نەتەوەکانی تر لە دامودەزگاکانی شاری کەرکوک[21]

| ناوی فەرمانگە | ڕێژەی % کورد | ڕێژەی % تورکمان | ڕێژەی % عەرەب | ڕێژەی % کلدوئاشوری |
|---|---|---|---|---|
| پەروەردەیی کەرکوک | %8.5 | %64.5 | %25.5 | %2 |
| شارەوانی کەرکوک | %23.5 | %22 | %53.3 | %1.5 |
| بەڕێوەبەرایەتی ئاوەڕۆی کەرکوک | %26 | %19 | %51.5 | %2 |
| بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی کەرکوک | %21 | %50 | %29 | |
| فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرەی کەرکوک | %30 | %38 | % 21 | %11 |
| بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و باری شارستانی کەرکوک | %11 | %22 | %67 | |
| بەڕێوەبەرایەتی باجی(ضريبة) کەرکوک | %7.5 | %24 | %56 | |
| کارکەی چیمەنتۆی کەرکوک | %36.8 | %31.9 | %28.7 | %2.3 |
| دیوانی پارێزگایی کەرکوک | %15 | %24 | %47 | %4 |
| بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکوک | %29.5 | %39.5 | %29 | |
| کۆمپانیایی غازی باکور لە کەرکوک | %7.3 | %46.9 | %41.4 | %4.3 |
| کارەبایی کەرکوک | %6 | %40 | %53 | %1 |
| کۆمپانیایی نەوتی باکور | %0.4 | %20 | %77 | %3 |
| بەڕێوەبەرایەتی تەلەفۆنات | %7 | %30 | %61 | %1.5 |
| بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی کەرکوک | %22 | %54 | %27 | |

**لێرەدا نمونەی 15 بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەی کەرکوک دەخەینە ڕوو بە شێوەیەکی زنجیرەیی و بە پێی ئەو خشتەی لە سەرەوە هاتووە ، لە لای چەپەوە دەست پێ دەکات بە ڕەنگی شین بۆ کورد ، وەنەوشەی بۆ تورکمان ، زەرد بۆ عەرەب ، فستقی بۆ کلدوئاشوری :**

[21] مەڵبەندی ڕێکخستنی کەرکوک(PUK) ئەنجامی داوە لە ساڵی 2003 .

www.kurdistannet.org




ڕێژەی کورد 40% بەڵام 11% فەرمانبەران پێک دەهێنێت لە دام و دەزگاکان ، *تورکمان* 20% دانیشتوانی کەرکوکە بەڵام لە دام و دەزگاکان 38% پێک دەهێنن ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕژێمی بەعس تورکمانی بە مەترسی دانەناوە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عەرەب ، زۆربەی کات وەکو عەرەب مامەڵەیان لە گەڵ کراوە ، بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق (مجلس قيادة الثورة) و لیژنەی کاروباری باکوری سەر بە ڕژێمی بەعس (استثناء)یان بە دانراوە بۆ کڕینی زەوی و موڵک و دانانی ئوتێل و کردنەوەی ئارایشتگایی سەر چاککردنی ژنان و نانەواخانە و تاد[22] .

---

[22] 1- نوسراوی کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار /ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش /جێگری سەرەک کۆمار / تاها یاسین یاسین ڕەمەزان /لیژنەی باکور (السكرتارية) ، بە ناونیشانی نهێنی و تایبەتی و (يفتح بالذات) ، ئاراستەی شەخسی پارێزگایی کەرکوك کراوە : نوسراوتان ژمارە 2209 لە 1996/3/19 بڕیار درا بەم شێوەیە :-

- خێزانی شەهید و ڕەفیق حزبی لە کەسانی تورکمان ناگرێتەوە (تستثني) لە دانیشتوانی شارەکەتان لە ڕێنمایەکانی نوسراومان ژمارە 632 لە 1993/8/3 .
- لاریمان نییە لە بەخشینی هاوڵاتیانی تورکمانی دانشتووی شارەکەتان ، ئەوانەی لە کەرتی تایبەت کار دەکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ئەم پیشانە (کردنەوەی چایخانە ، نانەواخانەی بازرگانی ، عەرزوحاڵ نوسی ، ئوتێل ، ئارایشتگایی ژنان ).

2- نوسراوی کۆماری عێراق /سەرۆکایەتی کۆمار /ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش /جێگری سەرەک کۆمار / تاها یاسین یاسین ڕەمەزان /لیژنەی باکور (السكرتارية) ، ژمارە 6/20 لە 995/12/26 ، نهێنی ئاراستەی پارێزگای کەرکوك کراوە بە ناونیشانی ڕاگەیاندنی ڕامان ، نوسراوی تایبەتی 12361/17 لە 13 ك1 95 ، بە دواداچوونی نوسراومان زۆرنهێنی و تایبەتی 1133/20 لە 95/9/13 جێگری سەرۆك(سەرۆکی لیژنەی باکور) ئەوەی لە نوسراوەکەتاندا هاتبوو خوێندێوە و ڕەزامەندی نیشاندا لە بارەی پێشنیارەکەتان بۆ بەشداری کردنی تورکمان بە تەنها(حصراً) لە گەڵ ئەوانەی لە نەتەوەی

**ئاماری سەرجەم ئەو ئاوارانەی کە گەراونەتەوە ناو شاری کەرکوك و دەوروبەری ، ئەو ئاوارانە لە نێوان ساڵانی 1963-2003 وە دەرکراون بۆ رومادی و خوراوی عێراق  یان بۆ کوردستان**

| ناونیشان | ژمارەی خێزان |
|---|---|
| 1. کەمپی پێشرەو ( خێمەکان ) . | 58 |
| 2. ئاوارەکانی شانەدەری . | 117 |
| 3. بنکەی تەواری و تەهریب . | 21 |
| 4. (قادسیە)ی یەکەم . | 48 |
| 5. (قادسیە)ی دووەم . | 105 |
| 6. گەرەکی قازی محمد . | 26 |
| 7. بنکەی حیسابات . | 102 |
| 8. عەرەفە ( تەل بەن ) . | 101 |
| 9. حی العسکری . | 167 |
| 10.دووبز . | 459 |
| 11.ناو فەیلەق . | 89 |
| 12.داقوق . | 405 |
| 13.مەلعەبەکەی حوریە . | 330 |
| 14.شوقەکانی ساحە تایەران . | 57 |
| 15.مەنزومەیشەرقی(دور الچباگ) . | 164 |
| 16.رەحیماوا و دەورووبەری . | 679 |
| 17.ومتفرقە . | 336 |
| 18.کۆی گشستی ئاوارەکان . | 3264 |

www.kurdistannet.org

کۆی گشتی دەکاتە 3264 خێزان ، گەر بێت هەر خێزانێک مەزەندە بکەین بە 5 سەر خێزان ئەوا کۆی ئەو ئاوارانەی گەڕاونەتەوە تا ئێستا دەکاتە 16320 واتە نزیکەی 20000 هەزار کەسی کورد و بە پێی زانیاری من بەرانبەر بەو ژمارەیە عەرەب کەرکوکی بە جێ هێشتووە .

**بەلأم گەرانەوەی ئاوارە پرۆسەیەکی رۆژانەیە ، واتە رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات .**

## بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک پێوستە ئەم بڕیارانە دەرچێت :-

1. لە ئەنجومەنی حوکم بڕیارێک دەرچێت بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوک بۆ سەر زێدی خۆیان و قەرەبووکردنەوەی هەموو زەرەروزیانەکانیان و گێڕانەوەی ماف و موڵکە زەوت کراوەکانیان .

---

عەرەبن  لە زیادکردنی ئاشکرا(المزایدات العلنیة ) بۆ بەکرێگرتنی ئەو جێگایانەی مڵکدارێتیان ئەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و ڕێگانەدان بە بە هاتنەنانەوەوە و بەشداری کردنی نەتەوەکانی تر لەم جورە زیاد کردنی ئاشکرایانە .

2. هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیارانەی دەرچووە لە پێناو تەعریب کردنی کەرکوک و تێکدانی باری دیمۆگرافی ناوچەکە ، لەوانە بڕیاری 42 ساڵی 1986 بۆ هێنانی عەرەب بۆ کەرکوک بەخشینی پارچەیەک زەوەی و 10 هەزار دینار پێیان لە ساڵانی هەشتاکان ، هەروەها بڕیاری 117 ، عقود زراعی ئەو عەرەبانەی زەوی و ناوچەی کورد دابەش کراوە بە سەریاندا لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە بڕیارێک دەرچێت بۆ دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان.
3. دابەشکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگایی کەرکوک بە پێی ڕێژەی نەتەوەکان .
4. بە ڕای من پێوستە سەقفێکی زەمەنی دیاری و دەست نیشان بکرێت بۆ گێڕانەوەی ئاوارەکانی کەرکوک و دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان ئەگەر لایەنەکانی ناو ئەنجومەنی دەسەڵات قایل نەبوون ، ئەوا پێوستە جولانەوەی سیاسی کورد هەموو ڕێگاکان بگرێتە بەر لەوان وەک بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا وتی عوسیان مەدەنی و ڕاگرتنی ئەندامێتی کورد لە مەجلیس حوکم ئەنجام دانی نارەزای و خۆپشاندان و ئەنجام دانی ڕاپرسی و بەشداری پێ کردنی جەماوەر لە بڕیارێکی وا چارەنوس سازدا .
5. ئاسایی کردنەوەی باری پارێزگای کەرکوک بەوەی بڕیارێک دەرچێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارانەی کە ئەو قەزاو و ناحییانەی لە کەرکوک دابچڕێندران .... دوزخورماتوو ، کفری ، کەلار ، جەمچەماڵ ، قادر کەرەم ، شوان ، ڕێدار ، ئاغجەلەر و تاد بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و بەرز کردنەوەی ڕێژەی عەرەب لە بەرانبەردا .
6. کردنەوەی سندوقێکی کۆمەک کردن بۆ هاندانی گەڕانەوەی کەرکوکیەکان لایەنە سیاسیە بە ئیمکانیەتەکان +کۆمپانیا و دەوڵەمەندەکان + کوردی ئەوروپا پارەی تیا کۆکرێتەوە و خەڵکانێکی دەست پاک و نیشتمان پەروەر سەرپەرشتی بکات هەر هیچ نەبێت یارمەتی کەس و کاری شەهید و ئەنفال کراوەکان بکات بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکوک .
7. ئەنجام دانی ڕاپرسی و ئامار و هەڵبژاردن بەوەش ڕاستیەکان ساغ دەبێتەوە و ماف دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان .

8- تەرازوو کردنی ڕێژەی کارمەندان و فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی کەرکوک بە پێی ڕێژەی نەتەوەکان لە شاری کەرکوک .

9- هەوڵدان بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوند و ناحیەکانی دەوروبەری کەرکوک (قەرەحەسەن ، قەرەهەنجیر ، جەباری ، قادرکەرەم ، شوان و ڕێدار)

پێویستە کورد تەرحی ئەوە قبوڵ نەکات کە ئێستا هەڵبژاردن بکرێت ، چونکە ئەو عەرەبە هاوردانە دەبێت بە ئەمری واقیع بۆ پاشە ڕۆژ و ئەو واقیعەی ئێستا هەیە عەدالەت نییە بەرانبەر کورد بۆ نمونە بە سەدان هەزار ئاوارە هەیە نەگێڕدراونەتەوە بۆ

www.kurdistannet.org

کەرکوک و بە سەدان هەزار عەرەب هەیە لە کەرکوک و خەڵکی کەرکوک نین ، ئەوانە مافی ئەوەیان نییە بڕیار لە سەر چارەنووسی خەڵکی کەرکوک بدەن .

*بیروڕاوپێشنیارەکان*

1. هاندانی وەبەرهێنانی سەرمایەی کورد لە کەرکوک
2. هاندانی کەسانی کورد بۆ کڕینی زەوی و خانوو لە شاری کەرکوک .
3. هەر کەرکوکیەک کە لە ئەوروپا و ئەمریکایە لە گەڵ ئەو کەسانەی لە دەرەوە بە ناوی کەرکوکی مافی پەنابەریان وەرگرتووە ، داوابکەن لەو وڵاتانەی لێی نیشتە جێ بوونە بیانگەڕێننەوە بۆ کەرکوک ، چونکە ئەمە بە شێوەیەکی بەر چاو ڕێژەی کورد لە کەرکوک بەرزدەکاتەوە و لە کاتی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەتوانن بەشداری بکەن و کاریگەری زۆر بەرچاوی دەبێت لە یەک کاتدا هەڵوێستێکی مێژوویی بۆ خۆیان تۆمار دەکەن و کەرکوکیش بۆ کورد مسۆگەر دەکەن دیارە ئەمە پێشنیاری برادەرێکی دڵسۆزی کەرکوکە بە ناوی کاک سلاح کەرکوکی لە سوید دەژێت .
4. لە ئەنجومەنی حوکم بڕیارێک دەرچێت بۆ دابەش کردنی زەوی بە سەر کەس و کاری بێسەروشوێن کراو شەهید و ئەنفال کراوەکان ئەوانەی خەڵکی کەرکوکن لە کەرکوک زەوی وەر گرن .
5. کۆمەڵەو ڕێکخراوە کوردییەکانی و تاکی کوردیش لە ئەوروپا پێویستە کار بکەن بۆ چاکردنەوەی خوێندنگا کوردییەکان و کردنەوەی بەشی کۆمپیوتەر و هەوڵدان بۆ کردنەوەی پەیمانگایی ڕۆشنبیری و خولی کۆمپیوتەر و زمان و پەیمانگایی هونەرە جوانەکان و تاد .
6. هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەی لە شاری کەرکوک ، پێم وایە ئەوەش لە ڕێگای ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار چالاکی جۆراو جۆر دەکرێت .
7. لە حکومەتی هەرێم چەندین بڕیاری باش و بە سوود لە خزمەت هاوڵاتیاندا دەرچووە زۆر جێگای دەست خۆشی لێ کردنە :-
   - دانی سلفەی 12 ملیۆن دینار (*8450* $) بۆ هەر کەسێک خانوو دروست کات
   - بۆ نوێ کردنەوەی ئۆتۆمبیلی مۆدێل خواروی 1985 چوارملیۆن و نیوو 4.5
   - دروست کردنی تەلاری هونەرمەندان بە 12 ملیۆن دۆلار

ئەمانە هەر هەموی بۆ کورد پێویستە ، بەڵام بۆ ساغ کردنەوەی چارەنوسی کەرکوک کە خاڵی یەکلاکەرەوەیە و چارەنوسی کوردی پێوەگرێ دراوە ئەویش پێویستی بە چەند بڕیارێکی هاوچەشنی ئەو بڕیارانە هەیە

www.kurdistannet.org

**پێرێستی ئەم باسە**


1. پێشەکی.
2. خستنەڕوی ئاماری کۆن و نوێ سەبارەت بە  شاری کەرکوک .
3. تەشکیلەی پارێزگاری کەرکوک .
4. ڕێژەی کورد و نەتەوەکانی تر لە دامودەزگاکانی کەرکوک .
5. خوێندنەوەی ڕێژەو ژمارەو شوێنی ئەو ماڵە ئاوارانەی گەڕاونەتەوە بۆ کەرکوک و عەرەبیش لە بەرانبەردا کە کەرکوک بە جێ دەهێڵن .
6. چارەسەری دۆزی کەرکوک .
7. بیروڕاو پێشنیارەکان .


www.kurdistannet.org